# بە ماکیاژ تەمەنت بچووکتر نیشان بدە



ئافرەت هەردەم لە تێپەڕبوونی ساڵانی تەمەنی دەترسێت، کە ڕێگەیەکە بۆ لەناوچوونی جوانیی ڕوخسار و پێست و جەستە، لە کاتێکدا هەندێ لە خانمان هەمیشە گەنجتر و بچووکتر دەردەکەون، بۆ ئەوانەی چوونەتە نێو تەمەنەوە، دەتوانن شێوەی ڕوخسار و جەستەیان بە ماکیاژ بچووکتر نیشان بدەن، هەنگاوەکانیش بەم چەشنەن:

لە سەرەتای هەر ماکیاژێکت، هەوڵبدە پێستت پاك بێت و ماکیاژی پێشووی پێوە دیار نەبێت، هەردەم پریمەر بەکاربێنە، چونکە ڕێگەیەکە بۆ نیشاندانی نەرمی و ناسکی پێستت، وا چاکە لەگەڵ پێستت گونجاو بێت، ئەگەر پریمەری سلیکۆنت دەستکەوت، کارێکی باشتر دەبێت. هەوڵبدە کرێمی ئەساس لە دەم و چاو و ملت بدەیت، تا بە یەك شێواز دەربکەوێت. بەکارهێنانی کۆنتۆر هەنگاوی باشی بۆ سەر نێوچەوان و ئێسقانەکانی ڕوومەت و گەردن ون دەکات. کۆنسیلەر گرنگترین ئەرکت بۆ دەکات و بەمەش جوان و ناسك دەردەکەویت. بڕۆکانت، هێمای جوانیی چاو و ڕوخسارن، تا بڕۆکانت لە مۆدێکی تازە و سەردەم بێت، شێوەت بچووکتر دەردەکەوێت. برژانگی پڕ، دیمەنێکی سەرنجڕاکێشە وانیشانت دەدات کە تەمەنت کەمترە، پێویستە هەردەم لێوانت بریقەدار بن، ئایلاینەریش لە ڕەنگی پێست بەکاربێنە واتە ڕەنگی (نۆد) گونجاوترین ڕەنگی ئایلاینەرە.

# ئەو ڕەفتارانەی خۆشی و شادی ژیانت لەناو دەبەن

چەندین هۆکار و کێشە و ڕەفتار هەن، کە ڕۆژانەی ژیانت تێکدەدەن و بەوەش ژیانی خێزانی و کەسیت ون دەکەن، بە چەشنێك کاریگەری لەسەر جوانیشت دەبێت، بۆیە دەکرێت ڕێگە لەو هۆکارانە بگریت تا ماڵ و حاڵ و ژیانی تایبەتیت خۆشگوزەران و پڕ شادی بێت، هۆکارەکانیش بریتین لە:

ئەگەر بۆ هەموو هەنگاو و کارێك تەنیا بیر لە خۆت بکەیتەوە، یان کەسی بەرامبەرت بیر لە خۆی بکاتەوە و گرنگی بە خۆت و ماڵەکە نەدات، ئەوە گەورەترین دوژمنی ماڵ و خۆشی و ژیانت دەبێت، هەوڵبدەن زیاتر کار لەسەر (ئێمە) بکەن، نەوەك تەنیا (من). ماڵ و کەشی بێدەنگ و بێدەنگی ڕەنگە بۆ کاتی خەوتن و پشوودان بەسوود بێت، بەڵام بۆ کاتی دیکە زیانی هەیە، بۆیە وامەکە ماڵەکەت بێدەنگ بێت، ئەگەر قسەکردنیش نەبێت، با میوزیك و دەنگی تەلەفزیۆن و ئامێرەکانی دەنگ خۆشی با هەبێت. ئامادەنەکردنی چێشت لە کاتی خۆیدا، یان فەرامۆشکردنی کەسی برسی لە ماڵەکەت، هۆکارێکە بۆ ونبوونی خۆشی و شادی. بەسەربردنی زۆرترین کاتەکانت لە دەرەوە و لەگەڵ هاوڕێکانت، ڕەنگە بۆ تۆ خۆشی و شادی بێت، بەڵام بۆ کەسانی دیکەی ماڵەکەت کارەساتە، بۆیە هێندە خۆت بە دەرەوە مەبەستەوە. لە کاتی گفتوگۆ و قسەکردندا، تووڕە و توند مەبە، بەڵکو با سادەیی و هەستی پێکەنین و خۆشی و شادیت لێ ببارێت.



# چۆن لە وێنەکاندا سەرنجڕاکێش دەربکەوین؟

ڕەنگە پرسیاریی زۆربەی ئافرەتان بێت، کاتێك دەیانەوێت لە سێلفی و وێنەکانیاندا بە جوانترین شێوە دەربچن، ڕەنگە بۆ وەرگرتنی وێنەیەك چەندین جار وێنەکە بە وێنەگر دووبارە بکەنەوە، یان خۆیان کۆمەڵێك وێنە بگرن و هیچیشیان بە دڵ نەبێت. (میگان مارکڵ) ئەو خاتوونەی ئێستا بۆتە شاژن لە بنەماڵەی شاهانەی بەریتانی، بۆ دەرکەوتن لە وێنەکاندا چەند ڕێنماییەك بە کچان دەدات و دەڵێت:



زەردەخەنە و پێکەنین: گرنگترین هەنگاوە لە کاتی وێنەگرتن، کاتێك ڕووت گرژ بێت، ئەگەر شاجوانیش بیت، لە وێنەکەدا جوان دەرناچێت، بۆیە هەوڵبدە هەردەم زەردەخەنە و پێکەنینت پێوە دیار بێت.

ئاسایی و ئاسوودە بە: هەمیشە لە کاتی وێنەکاندا، ئاسایی و ئاسوودە بە، هەموو توانای خۆت مەخەرە گەڕ تا جوان دەربچیت، تەنیا بە ئاسایی بوەستە، یان دانیشە، دڵنیابە لە وێنەکەدا جوان دەردەچیت.



شێوازی وەستان: ڕەنگە هەندێ جار لەشولارێکی جوان و ناسکت هەبێ، بەڵام بەهۆی هەڵە وەستانت شێوەت جوان دەرنەکەوێت، بۆ ئەوەی لەشولارت جوان دەربچێت، هاوشێوەی نمایشکارەکانی جل بوەستە.

شێوەی سەر: هەوڵبدە لە وێنەکانتدا، هەردەم سەرت ڕاست و ڕێك نەبێت، وەك ئەو وێنانەی کە بۆ کاری فەرمی بەکاردەهێنرێن، بەڵکو پێویستە سەرت بەرەو خوارەوە بێت، یان بۆ لایەك و بە بڕێکی کەم لاری بکەیتەوە.

جلوبەرگ و جەستە: پێویستە لە وێنەکانت ناوقەد و کەمەرت تەسك و توند بن و هەوڵبدە پشتێن لە پشت بکەیت، یان جلێکت لەبەر بێت کە تەسك و توند بێت.

ڕەنگی جل: هەوڵبدە ڕەنگی جلەکانت کراوە و زەق بن، وەك: شین، سوور، نیللی، ڕەش و سپی، تا زیاتر ڕازاوەتر دەربکەویت.



## کچێکی بچووک و قژێکی درێژ

قژی مرۆڤ لە هەر کەسێك بۆ کەسێکی دیکە بە شێواز و ئارایشتێك دادەنرێت، هەندێك قژی کورتە و ئەوەی دیکەش درێژ، بەڵام زۆربەی ئافرەتان حەز بە قژی درێژ دەکەن، لە هەمان کاتیشدا لە درێژی قژ و خزمەتکردنی بێزارن، ئەو کچە لە تەمەنێکی بچووکەوە بۆتە خاوەنی قژێکی درێژ، چونکە لە بەرامبەر تەمەنە بچووکەکەی ئەو قژە درێژەی هەیە کە جێگەی سەرەنجە، ئەو کچە ناوی (میا ئەفلالۆ)یە، تەمەنی تەنیا (٥)ساڵە، کەچی درێژی قژی دەگاتە (٤٠) سەنتیمەتر، خەڵکی ئیسرائیلە و لە شاری تەلئەبیب دەژی، درێژی قژەکەی وایکردووە کە ببێتە بریکاری ریکلام و بانگەشەکان، هەر بۆیە ئارایشتکاری ئیسرائیلی (ساجی داهاری)، لە ئێستاوە بڕیاری داوە خزمەتی قژی ئەو کچە بکات، تا لە داهاتوودا ببێتە خاوەن درێژترین قژ لە جیهاندا.





## سەرکێشی بازدان

ئەو دوو لووتکە بەردینە بە قۆچی بزن ناسراوە، دەکەوێتە وڵاتی نەرویج، تا ساڵانێك لەمەوبەر کەس نەیدەتوانی سەری بکەوێت، بەڵام ئێستا بۆتە شوێنێکی گەشتیاری و سەرکێشی بۆ بازدان، ئەو شوێنە بە (گرانێت) ناسراوە، بۆ یەکەمین جار (٣) کەس بە ناوی (کارل رۆبنسۆن و ئەلف برین و فێردیناند سیگلدرۆب) لە ساڵی (١٩١٠) سەر ئەو لوتکە شاخە بەرزە کەوتوون، هەر ئەوانیش ناویان ناوە (ستیتیند و تراکتا)، نێوان ئەو دوو لوتکەیە (١) مەتر و نیوە، سەرکێشی گەشتیارانی ئێستاش



## گڕکانە سەرنجڕاکێش و جگەرەکێشەکانی جیهان

کاتێك لە دوورەوە سەیری سەرچاوەکانی گڕکانەکان دەکەیت، وادەزانی جگەرە دەکێشن، بەهۆی ئەو دووکەڵە سپی و رەشەی لەسەر شوێنەکاندا بەرز دەبنەوە، لە جیهاندا چەندین سەرچاوەی گڕکان هەن کە ژمارەیان دەگاتە (٥١٢) گڕکان، هەر یەکێکیان زیاتر لە هەزار ساڵە گڕیان گرتووە و کەسیش ناتوانێت دەستکارییان بکات، هەندێکیان سەرچاوەی جوانی و سەرنجڕاکێشی لە گڕکانیانن، هەندێکی دیکەش جێگەی ترس و

# نامەیەکی بەردینی حاکمەکانی میتانی کورد

نامەکانی جاران و سەردەمانی کۆن زیاتر لەسەر بەرد دەنووسران، تا کەس نەتوانێت دەستکاری ناوەڕۆکەکەی بکات، ئەو جۆرە نامانە زیاتر لە نێوان پاشا و حاکمەکاندا باو بوون، هەندێکیان وەك نهێنی و شاراوە، هەندێکی دیکەش بە شێوەی ئاشکرا دەنووسران، ئەوەی دەیبینن نامەیەکی حاکمێکی کوردە کە بۆ پاشایەکی کوردی بەر لە دایکبوونی مەسیح نووسراوە، نامەکە بە دەستنووسی مێخی بە زمانی خوری (Saustatar ساوستاتار) حاکمی شاری (نوزی) بۆ پاشای میتانیەکان ( Tušratta توشراتا) نووسراوە، ئەم نامەیە لە (تل براك) گردی بەراك دۆزراوەتەوە، ئەو گردە دەکەوێتە نێوان حەسەکەو قامشلو و لە کوردستانی ڕۆژئاوا. مێژووی نامەکە بۆ ١٤١٥ ساڵ بەر لە لەدایکبوونی مەسیح دەگەڕێتەوە، کە حاکمی شاری نوزی بۆ پاشاکەی خۆی ناردووە لە پایتەختی میتانیەکان (واشکۆنی). میتانییەکان دەوڵەتێکی گەورەی ناوچەکە بوون و ڕەچەڵەکیان خوری بووە لە ١٥٠٠ بۆ ١٣٥٠ پ.ز لە باشوورو باکورو ڕۆژئاوای کوردستان ژیاون، یەکێك بوون لە دەوڵەتە گەورەکانی ناوچەکە، پایتەختەکەیان (واشکۆنی ) بووە لە نزیك سەرێکانی ئێستا لە ڕۆژئاوای کوردوستان. شان بە شانی میسر و ئاشوور و بابلییەکان فەرمانڕەواییان کردووە و پەیوەندی پتەویان لەگەڵ فیرعەونەکانی میسر هەبووە، هەر بۆیە نامە و دیارییان ئاڵوگۆڕ کردووە و هەر ئەوانیش بوون ماوەی سەدەیەك ئاشوورییەکانیان خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. میتانییەکان بە بەشێك لە مێژووی نەتەوەی کورد دادەنرێن.






## ـــــــی خۆشی و مردن

بۆتە بازدان بۆ نێوان ئەو دوو قۆچە بزنە، بەرزی هەر یەکێکیان دەگاتە (١٥٠) مەتر، ئەگەرچی ئەو نەریتە لەلایەن دەسەڵاتی گەشتیاری وڵاتی نەرویج قەدەغە کراوە، کەچی گەشتیاران خۆیان لەو بازدانە مەرگە بێبەش ناکەن و ئەوەی سەر ئەو لوتکە شاخە بکەوێت، دڵی بۆ بازدانێك دەچێت، کە بۆتە جێگەی سەرکێشی بازدان و گەشتیارانیش بەو جۆرە سەرکێشییە خۆیان تاقی دەکەنەوە لە مردن و بەدەستهێنانی خۆشیی نازناوێك لە سەرکێشی.



تۆقێنن، هەندێکی دیکەش بە گڕکانە جگەرەکێشەکان ناسراون بریتین لە: گرکانی (چیای سینابۆنج) و گڕکانی (رینجانی) لە کەنداوی لۆمبۆك، یاسور لە تاناتایلاند، گڕکانەکانی لانمانالاگوێر، دەکەوێتە زنجیرە چیایەکانی فەجەلاباك لە وڵاتی ئایسلاند، گڕکانی وایتلاند، دەکەوێتە باکووری وڵاتی ئایسلاند، گڕکانی کیلویا دەکەوێتە کەنداوی بیگ لە ئەمریکا، گڕکانی لاڤە ئێتا ئەلی، دەکەوێتە وڵاتی ئەسیوپیا، گڕکانی نایراگۆنگۆ، دەکەوێتە وڵاتی کۆنگۆی دیموکرات، گڕکانی سترۆمبۆلی، دەکەوێتە کەنداوی ئایلۆیان لە وڵاتی ئیتاڵیا، ڕەنگە هەندێ بڵێ ئەو گڕکانانە بۆ هەن، وەڵامیش ئەوەیە گەرمای ئەو گڕکانانە بەسوودە بۆ پیتاندنی زەوی، هەروەها دەردانی ڕێژەی زیادی ئاگر لە نێو گۆی زەویدا، هەروەها بۆ یەکسانکردنی پلەی گەرمیی سەر زەوی کە بە ڕێژەیی کاریگەری هەیە.



## کاریکاتێر

ئەو کاریکاتێرە، باس لە هێزی قەڵەم دەکات، کاتێک دەوروبەر و هەموو خاوەن ئاستێکی ڕۆشنبیری و بەرز دەبن، ئیدی چەک هێزی نابێت و هێزی قەڵەم بەسەر هێزی چەکدا زاڵ دەبێت.




شێتێک عەینەکێکی ڕەشی لە چاو دەبێ، لەبازاڕ برا بچووکەکەی دەبینێت و زللەیەکی لێدەدات و دەڵێ بەو شەوە چ دەکەی لە بازاڕ؟ برایە بچووکەکەشی دەڵێ: شەو نییە، تۆ عەینەکەکەت لادە، شێتەکە عەینەکەکەی لادەدا و زللەیەکی دیکەی لێدەدا و دەڵێ: بە شەو و بە ڕۆژ لە بازاڕی زوو بڕۆوە ماڵەوە.




## بۆ زانیاریت


### ئاپارتاید - apartheid

زاراوەیەکی ئینگلیزی یە بە واتای جیاکاری دێت بە شێوەیەك مرۆڤەکان دەنرخێندرین لەسەر بنەمای ڕەگەزایەتی، تا ئێستاش ئەم دیاردەیە بوونی ماوە و سووکایەتی بە مرۆڤ دەکرێت هەر چەندە وڵاتان بە توندی دژی ئەوەن مرۆڤ قابیلی ڕێز بێت لەسەر بنەمای روخسار و شێوەکەی.

وشەی «apartheid» واتای جیاکردنەوەی ئەو خەڵك و ئەو ڕەگەزانەی کە سپی پێست نین بە ناچارکردنیان لەو شوێن و ناوچانەی بۆیان جێگیرکراوە و بێبەشکردنیان لە هەموو مافێکی سیاسی و خوێندن و پێشکەوتن تەنانەت ئەو شوێنانەی بۆیان دیاری دەکرێت، ناتوانن لێ دەربچن و سەرباری ئەوەی پێداویستی ژیانیان بۆ دابین ناکرێت. ئەگەر ورد ببینەوە لە ٢٠ساڵی لەمەوبەر دەبینین مرۆڤەکانی وڵاتانی کیشوەری ئاسیا و ئەفریقا و هیندە سوورەکان و ڕەشپێستەکان مافی ئەوەیان نەبووە وەك هاووڵاتی هەمان وڵات مامەڵە بکەن، لە ئەنجامی ڕاپەڕینی خەڵك و هەروەها هەڵویست و کرداری خەڵك و دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی وڵاتانی ئاسیا و ئەمریکای باشوور و ئەفریقا، ئاپارتاید بە شتێکی نائاسایی ناسراوەو هەروەها ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاپارتایدی بە کرداری دژەمرۆڤ داناوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لە ڕەگ و ریشەوە سەرچاوەی ڕەگەزپەرستی کۆتایی نەهاتووە و لە هەندێك شوێن هێشتا مامەڵەی خراپ لەگەڵ مرۆڤەکان دەکرێت.

## بانك ب...

بیرۆکەی ئەو منداڵەی لە وڵاتی پیرۆ، تەنیا لە مێشکی بازرگان و خاوەنکار و بیزنسمانەکاندا دەگوزەرێت، کەچی ئەو منداڵە تەمەنی (٧) ساڵە لەو تەمەنەدا بیرۆکەی دامەزرانی بانکی بۆ منداڵان داناوە، ئەو منداڵە ناوی (خوسێ ئۆدلڤۆ کیوسۆکالا) یە، ڕۆژێکیان پارەی لێ ون دەبێت، ئەویش بیری بۆ ئەوە دەچێ منداڵان چۆن پارەکانیان هەڵبگرن، بۆیە بیری بۆ دامەزراندنی بانکی منداڵان کردەوە، بەم



## پوختەی فیلم

### یەکەم پیاو – First man

فیلمێکی زانستی و درامایە، ماوەی (٢) کاتژمێر و (٢١) خولەکە، باس لە پیاوێك دەکات کە لەلایەن دەزگای ناسا ڕەوانەی بۆشاییگەری دەکرێت لە نێوان ساڵانی (١٩٦١ تا ١٩٦٩)، هەروەها تیشکدەخاتە سەر ژیانی بۆشاییگەڕی بەناوبانگ (نەیل ئارمسترۆنگ)، فیلمەکە دەربارەی ماندووبوون و ئەو کەشەیە کە دوچاری نەیل دەبێتەوە لەوکاتەی لە گەشتێکدایە بۆ بۆشایی، فیلمەکە لە نواندنی (رایان گۆزلینگ و کارلی فۆکسی و کایلی چاندلەر و پابلۆ شێربێر و کۆری ستۆڵ) و لە دەرهێنانی (دامەین چازلی) یە، بودجەی فیلمەکە (٥٩) ملیۆن دۆلارە، وێنەی فیلمەکە لە وڵاتی ئەڵمانیا گیراوە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لە هەنگاوەکانت بیروبۆچوونی خۆت هەبێ و شایستەی کەسایەتیت بەرز بێت، هەندێ لە کارەکانت بێزارت دەکەن، لە بواری سۆزدارییەوە ئەوەندە کاتت بەفیڕۆ مەدە، چونکە کات لە بەرژەوەندی تۆدا نییە، بۆیە هەوڵبدە بەبێ پیچ و پەنا هەستی خۆت بۆ ئەو کەسە دەرببڕیت کە دەمێکە دڵی لێ سەندووی.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەندێك لەو پەیامانەی بۆ ئەو کەسە دەنێریت بە هەڵە لێت تێدەگات، ئارام بگرە و دڵت گەورە بێت، ماوەیەکی دیکە کارەکەت بە سەرکەوتوویی تەواو دەبێت، لە بواری سۆزدارییەوە هەوڵبدە ئەوەندە هەستی دۆستەکەت بریندار نەکەی، ئەگینا بە یەکجاری لیت دەتۆرێت و لە دەستت دەچێت، لەبواری کاریشدا پێویستە زیاتر خۆت ماندوو بکە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەندێ بڕیارت جێگەی نیگەرانیتن، بەڵام هۆکارێکە بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانت بگەیت، کاری ئێستات فەرامۆش مەکە و زوو جێبەجێیان بکە. ئەمڕۆ گوێبیستی هەواڵێکی هەڵبەستراو دەبیت و کاریگەرییەکی خراپ لە سەر باری دەروونیت جێدەهێڵێت، هەروەها پێویستە خۆت لە دەمەقاڵی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت بپارێزی.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

کاتێك دەتەوێت کارێك ئەنجام بدەیت، بەڵام دواتر کێشەت بۆت دروست دەبێت، واز لە کارەکەت مەهێنە، بەڵکو بەردەوام بە، ڕاستییەك بێ ئومێد و بێ ورەت دەکات، بەڵام ڕۆژانی داهاتوو لەگەڵی رادێیت و خۆشحاڵ دەبی، بۆیە بە زیرەکی وپشوودرێژی هەڵسوکەوت بکە، با دوایی پەشیمان نەبیتەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢


بە هەست و دڵەوە کار مەکە، بەڵکو بە عەقل و بیرکردنەوە هەنگاو بنێ، ساتە بەختێکی باش چاوەڕێتە وکەسێکیش نیازی وایە لێت نزیك ببێتەوە، میزاجت باشتر دەبێت و لەوانەیە دیدارێکی گرنگ ساز بدەیت، یان بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدەیت، یاخود پەیوەندییەکی نهێنیت بۆ دەورووبەر ئاشکرا دەکەیت.


### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ماوەیەکە متمانەت بە خۆتە و ڕێگەی کەسانی دیکە نادەیت بێنە ناو کارەکانت، بەڵام پێویستە هەندێك جار راوێژ بکەیت، هەست بە چوست و چالاکی دەکەیت، بەڵام نەکەی بێ بیرکردنەوەیەکی باش هیچ کارێکی گرنگ ئەنجام بدەیت، ئارام وهێمن بە، چونکە لەوانەیە ڕووبەڕووی کەسێکی خراپ ببیتەوە.

## ...ـــــــۆ منداڵان

چەشنە و بە هاوکاری باوکی توانیان بانکێکی تایبەت بە منداڵان دابمەزرێنن، بانکەکە بەناوی (بارتسلانا-Bartselana Bank)ە، تا ئێستا نزیکەی (٢) هەزار منداڵ پارەکانیان لەو بانکە داناوە. بەشداریکردنیش لەو بانکە بە خۆڕاییە تەنیا ئەوە نەبێت کە منداڵەکە یان قوتابییەکە بتوانێت (٥) کیلۆ زبڵ و خاشاك کۆ بکاتەوە و بیخاتە ناو سەلەی زبڵدان، ئەوکاتە بۆی هەیە ببێتە بەشدارێکی ئەو بانکە.






## سەگە زەبەلاحەکەی جیهان

گەورەبوونی گیانداران، هەندێ جار لە حاڵەتی سرووشتیی خۆیان دەردەچن و دەبنە زەبەلاحێك، کە مایەی سەمەرەی هەموان دەبێت، وەك ئەو سەگە ئیتاڵییەی کە گەورەترین سەگی جیهانە، وەك ئەسپێك وایە، ئەو سگە لەلایەن ئافرەتێکەوە پەروەردە و بەخێو کراوە بەناوی (ئیدیگار سکاندرۆ) کە لە هەرێمی لۆمباردیای ئیتاڵیا دەژی، ئەو سەگەی لە بچووکییەوە بەخێو کردووە، ناویشی ناوە (باریڤیل)، تەمەنی (٧) ساڵە و درێژییەکەی دەگاتە (٢٢٠) سەنتیمەتر، هەروەها (٢٩) کیلۆگرامە، گەورەیی و سەیری ئەو سەگە، وایکردووە کە ساڵانە لە نمایشی گیاندارانی خۆماڵی بەشداری پێبکرێت و بە گەورەترین سەگی جیهانیش دابنرێت. تا ئێستاش هاوشێوەی لەم جۆرە سەگە لە جیهاندا نییە و نەبووە.



## پەند و وتە

هێنری فۆرد، پیشەگەر و خاوەن کۆمپانیای فۆرد مۆتۆرس، لە ساڵی (١٨٦٣) لە ویلایەتی میشیگانی ئەمریکی لە دایکبووە و لە ساڵی (١٩٤٧) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ڕووناکی و تاریکی وتەیەکی هەیە دەڵێ: بەر لەوەی ڕووناکی ببینی، دەبێ بزانیت چۆن مامەڵە لەگەڵ تاریکیدا دەکەیت، چونکە لە هەر شوێنێك ڕووناکی هەبێ، بێگومان سێبەر و تاریکیشی لەگەڵە.



## فێڵکاریی چاو

لەم وێنەیەدا دوو پیاو هەن، یەکێکیان دارێکی بە دەستەوەیە و ئەوەی دیکە خۆی بە دارەکە گرتووە و مەترێك بەرزتر دانیشتووە، هەوڵبدە فێڵکاریی ئەو دوو فێڵبازە بدۆزیتەوە و بشزانە کارەکەیان چۆن ئەنجام داوە.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

مەهێڵە کەسێکی نەناسراو بەشداری کارەکانت بکات، بەڵکو ڕێگە بەو کەسانە بدە کە نزیکی خۆتن، بەهۆی سەرکەوتنە بەردەوامەکانت لە کارەکەتدا ڕووبەڕووی چەند ناحەزێك دەبیتەوە کە چاویان بە سەرکەوتنەکانت هەڵنایەت، واباشترە بێدەنگی هەڵبژێری، چونکە بەرپرسەکانت لە ڕاستیی تۆ تێدەگەن.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەو ماوەیە سەرکەوتنێکی باش بە دەست دەهێنیت، لەگەڵ کەسێکی نزیکت کێشە و گرفتت هەیە، بەڵام چارەسەر دەبێ، زۆر بە پەرۆشەوە کاردەکەیت و لەهەر کاتێك زیاتر ئارەزووی کۆکردنەوەی پارە دەکەیت، لەوانەیە پارەیەکی چاك بەدەست بهێنیت بەهۆی ئەو کارانەی کە دەیکەیت، ئەنجامی باشیشی دەبێت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بیر لە داهاتووت بکەوە و مەهێڵە کاتی ئێستات بەفیڕۆ بڕوات، ماوەیەکە دوودڵی لە بڕیاردان و کارکردن، متمانەت بە خۆت بێت، پڕۆژەیەکی ئابووری وکۆمەڵایەتیی بەنرخ چاوەڕێی ئامادەکردن و جێبەجێکردنە، هەوڵبدە بارودۆخێکی گونجاوی بۆ بڕەخسێنیت، تاوەکو بتوانیت سەرکەوتنی تێدا بەدەست بهێنیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەوەی لە دڵ و لە مێشکتە، پێویستە جێبەجێیان بکەیت، داهاتووت بەندە بە ئێستاوە، کارێك مەکە لێی پەشیمان ببیتەوە، هیچ بەڵێنێك مەدە کە گومانت هەبێت لە جێبەجێکردنی، بارودۆخی ناجێگیرونالەبار و ئەو گۆڕانکارییانەی لەم ماوەیەدا ڕوودەدەن، ڕووبەڕووی کێشەت دەکەنەوە، بۆیە هەوڵبدە لەگەڵ واقیع مامەڵە بکەیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کێشە و گرفتەکانت مەخەرە ئەستۆی کەسانی دیکەوە، هەوڵی ئێستات نابێ لە خۆتەوە ئەنجامی بدەیت. بیر لە داهاتووت بکەرەوە و ژیرانە بڕیار بدە، ئەم ماوەیە بە کێشەیەك سەر قاڵ دەبیت کە ڕەنگە ببیتە هۆی ئەوەی زۆر لە هاوڕێ وخۆشەویستەکانت لەبیر بکەیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش کاری خۆت فەرامۆش مەکە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لە هەندێ کارەکانت خەریکە تووشی بێ ئومێدی دەبیت، بەڵام نابێ لە کارەکانت پاشگەز ببیتەوە، بەڵکو بەردەوام بە، ئەم ماوەیە بەهۆی سەرکەوتنەکانت خەریکە لەخۆبایی دەبیت و ئەو کەسانە لەبیر دەکەیت کە هاوکارییان کردوویت لە بەدەستهێنانی سەرکەوتنەکانت، کەمێك ویژدانت ئاسوودە بکە و دڵت گەورە بێت.